

# ئیرەیی و یاخیبوون

## وەك دوو ڕەمزی شاراوە لەدەقی ( ڕاسپاردەی سەفەرێك بەرلەمردن)ی ئەنوەر حسێن

باران

بژار حەکیم

هەموو شاعیرەکان دەتوانن باسی پەپوولە بکەن، ئەوەش بەو مانایەی (کە وشە موڵکی هیچ کەس نییە)، بەڵام شاعیرەکان خەسڵەتێك لە یەکیان جیادەکاتەوە، ئەویش شێوازی پێناسەکردنی پەپوولەیە، باشتر بڵێم خەسڵەتی تایبەتی هەرئەدیبێك تەکنیکی نووسینەکانیەتی، نەك دووبارەکردنەوەی وشەکان، لە شیعردا سنوور نییە، ئەوەی هەیە فیکر و تەکنیکە، پەیوەندیی بیرکردنەوە و دروستکردنی خەیاڵ و دواجار بەدەقکردنی وشە و بەماناکردنی لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا، بە ئاراستەیەکی دیار و نادیار گۆشەگیرە، زانست، یاخود توانای وێناکردنی وشەو گواستنەوەی بۆ دروستکردنی وێنە، پرۆسەیەکی فراوان و هەمەچەشن، تەنانەت سەختیشە، زۆرجار نووسەر لەو وەختەی، کە ئاراستەی وشە بەرەو دەق دەبات، تووشی فرەڕەهەندیی بابەتی دەبێتەوە و لە ئاکامی بەرجەستەکردنی دەق زۆرجار ناتوانێت پەیامەکەی بخاتە سەرکاغەز، بۆ نموونە لە لای ( دریدا) جیاوازی لەنێوان نووسین و ئاخاوتن لەوەدایە، کە ئاخاوتن پێش نووسینە.

لێرەدا مەعقول و نامەعقول پرۆسەیەکی بەردەوامن بۆ دەرخستنی توانا و لێهاتوویی، لە تەوزیفکردنی کەرەستەکانی ناو دەق، دەشێت ئەو پرۆسەیە هەندێك جار بە شێوازگەری جیاجیا ببینرێن، لە پرۆسەی بەدەقکردندا ئەو خەیاڵە لەقاڵبدەن، بە مەرجێك نەبێتە پرۆسەیەکی هەمیشەیی، بۆئەوەی نووسەر پابەندنەبێت، بە یەك جۆری ستاییلی نووسین و نەبێتە میرات، شێوازی وێناکانی دووبارەنەبنەوە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر، وەك ئەوەی نیچە دەڵێت» کارەساتە مرۆڤ میراتگر بێت».

دەشێت ئەو وتەیەی نیچە لە دوولایەنەوە بخوێندرێنەوە، ڕەهەندی جودای لێبکاتەوە، چونکە هەرکاتێك مرۆڤ میراتگربوو، لە دواجاردا هیچی بۆ نامێنێتەوە، تاکو قسەی لەسەربکات، میراتگری لە لای نیچە ماڵوێرانی بەدواوەیە لەوەی خۆشبەختی بێت.

ئەنوەر حسێن یەکێکە لەو شاعیرانەی، دەمێکە خەریکی نووسین و پرۆسەی نووسینە بەگشتی لە کایە جودا جوداکاندا، یەکێك لەو ژانرە ئەدەبییانەی، کە نووسەر کاری لەسەرکردووە، بابەتی شیعرە، شێوازی نووسین و بەدەقکردنی خەیاڵ لەلای ئەو، فرەڕەهەند و تێڕوانینی گشتگیری هەیە، مەغزای نووسین ڕەهەندەکانی مەعریفی، بەبابەتبوونی دەق وەك (تەنیایی، سەفەر، گریان، زەردەخەنە و پێکەنین، گەڕانەوە بۆ خود، منداڵی، کامەرانی، بێئومێدبوون) ئەوانە کەرەستەی شیعرن، لە لای نووسەر ڕەنگدانەوەی زەقیان هەیە، بەسەر خەیاڵ و هەست و نەستی پرۆسەی بەدەقکردندا.

لە دەقەشیعری ( ڕاسپاردەی سەفەرێك بەر لە مردن ) دەنووسێت :

**«ئیتر ماڵێکم نییە بۆ خەون و ژیان**
**حەسوودی بە قەرەجەکان دەبەم**
**کە پڕن لە ئاسوودەیی ..!**
**ئیتر ئاسمانێکم نییە بۆ ئارامی و فڕین**
**حەسوودی بە ئەستێرەکان ئەبەم**
**کە لەسەرووی تەنیاییەوە وەستاون ..!»**
**یان لە بەشێکی تری دەقەکە دەنووسێت :**
**« ئیتر قسەیەکم نییە بۆ وتن**
**ماڵئاوایی ڕادەسپێرم**
**سەفەرەکانی چاوەڕوانی بنووسێتەوە»**
**« ئیتر هەنگاوێکم نییە بۆ سەفەر**
**جانتاکەم و ئەلبوومەکانم بەو هەموو یادگارییەوە**
**دەخەمە فارگۆنی شەمەندەفەرێکەوە».**

لەو کۆپلە شیعرە کورتانەدا، کە شاعیر وەك ( فلاش باك) وێناکان دەخاتەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت گەشبینی و هیوا لە لای ئەنوەر بەرەو نەمان دەچێت، دەگەڕێتەوە بۆ خودی ناوەوەی خۆی، واتە دەربڕینی ئەو هەستە و ئەو مەغزای تێگەیشتنە لە بێهوودەیی و بەئیرەیی بردن خەونێکی ئاڵۆزی دروستکردووە، بە دیوێکی تردا، خەون و ژیان ئیرەین بۆ کەسێك، کە هیوای جەستەیی و ڕۆحی لەدەستدابێت و ئەو هیواو



ژیان و ئیرەییە، بداتەوە بە هێزێکی نادیار و جووڵێنەر، قەرەجەکان وەك ڕەمزێکی مەعقول و نامەعقوڵ، بوونەتە هێزێکی گشتگیر لە پرۆسەی بەدەقکردنی خەیاڵ لە لای ئەنوەردا، قەرەج لەم وێناکردنە وێنەیەکی هەقیقی نییە، تاکو شاعیر مامەڵەیەکی واقیعی لەگەڵ کردبێت، بەڵکو وێناکردنی قەرەج ڕەمزێکە بۆ دەستنیشانکردنی ژیانێکی دوور لە کێشە، تەنانەت شاعیر وێنایەکی ماقووڵی بۆ بەرجەستەکردووە، واتە قەرەج لەو دەقە هێمایەکە بۆ بەرجەستەبوونی ژیانێکی ئارام.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دووەم کۆپلەی هەمان شیعر دەبینین، لەوێدا شاعیر (ئەستێرەی) وەك ڕەمزێك بەکارهێناوە، بۆ بەرگریکردن لە تەنیایی و بەو هەموو ناخۆشییەی، کە مرۆڤ ئۆقرەیی بۆ نامێنێتەوە، بەڵام ئارامی بە ئەستێرەکان بەخشیوە، تەنانەت وجودییەتیش لە لای شاعیر تەنها بۆ ئەستێرەکانە، گەڕانەوە بۆ خود و درکاندنی ناوەوەی ناخ و ئامرازی دەربڕینن، لە لای ( ئەنوەرحسێن) تەنها بۆ مرۆڤ نییە، چونکە لە دەقی» ڕاسپاردەکانی سەفەرێك بەر لە مردن» ئەو بەوردی مانا و دەلالەتەکانی بیرکردنەوە و مانا شاراوەکانی ناوەوەی دەقەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ نادیارەکان، چونکە نووسەر ماڵئاوایی ڕادەسپێرێت و چارەنووسی قەدەری بە کرداری نامەعقول دەنووسێتەوە ... شێواز و ئێستاتیکای ئەو کۆپلە شیعرانە لە لای شاعیر بابەتێکی زاتین، دەشێت مانا شاراوەکانیان لەپشت پەردەکانی ئەودیوی نووسینەوە بخرێنەڕوو.

شاعیر لە هەمان دەقدا دەنووسێت :

**« ئیترکاتم نییە بۆئەوین**
**خۆشەویستی ڕادەسپێرم**
**دەریا پڕکات لە کەشتی و ماچ و گوڵ وتریفە**
**تۆڕی ڕاوچی پڕکات لەتوێشووی سەفەری**
**ماسییە سەرهەڵگرتووەکان**
**ئیتر ئەوین لاداتە قەراخی ڕووبارێ و**
**ململانێ لەگەڵ خۆشەویستی نەکات «**

کات لێرەدا دەلالەت لە زەمەن ناکات، وەك چۆن زەمەنیش گەڕانەوە نییە بۆ کات، چونکە زەمەن گەڕاندنەوەی یادگاری و سەربوردەی هەمەچەشنی مرۆڤەکانە، مەودای نێوان چێژ و بیرکردنەوە، بریتییە لە تێڕوانینی بابەتی بوونی دەق و مانا و چێژ لە یەککاتدا پرۆسەیەکی بەردەوامە بە جیاوازیی نێوان وێناکردنی وشەکان و بەفەنتازیاکردنی بیرکردنەوە و نووسین لە دەقدا.

لەو دێڕەی سەرەوەدا شاعیر جارێکی تر پەیوەست بووەتەوە، بە بێهوودەیی و گەڕاندنەوەی زەمەن وەك بیرەوەرییەك، زەمەن لە لای شاعیر گێڕانەوەی ڕابردووە و هەوڵیشدەدات ئەو ڕابردووە بگوازێتەوە، بۆ داهاتوو وەك پەیامێك، ئەوین و ئەویندارى پەیوەندییەکی ڕۆحی و بەرجەستەکردنی چێژە لەنێوان مرۆڤەکان، جگە لە بوونی هەستێکی ناوخۆیی و دەرەکی، نووسەر لەو دەقەدا ویستوویەتی ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە زەمەن قەدەرێکی دروستکردووە، کە کات شوێنی نییە و زەمەن ململانێیەکی توندی دروستکردووە لەنێوان ڕق و خۆشەویستی، شاعیر ماسییەکانی لەناو ئاودا بێهودەکردووە لە ژیان و دەیەوێت ماسییە سەرهەڵگرتووەکان ئەو دەلالەتە بن بۆئەوەی جۆرێکی تر لە ژیان هەبێت، نەوەك بەم شێوەیەی کە ژیان و جێگۆڕکێکردنیان ئەستەم و مەحاڵ بن، وەك چۆن لەهەمان دەقدا نووسەر ئۆقرەیی دەخاتە ناو تابووتی بێهوودەیی، بەڵام قەدەر و چارەنووس دەکاتە ئەوپەڕی ئارامی، پێیوایە ئەوان دەتوانن ببنە ئەو چارەسەرە زەمەنییەی، کە پێویستە هەبن.

بەگشتی پرۆسەی کردارکردنی وشە و بەماناکردنی لەو دەقەدا، بە بۆچوونی من دەقێکی تابلۆیی فەنتازی واقیعییە و ئیستاتیکای ئەو دەقە فرەلایەن و مانادارن، دەشێت نووسەر ئەو دەقە بکاتە سەرەتای کارەکانی و شانازی پێوەبکات، ئەزموونی ئەو دەقە تێپەڕاندنی ئەو سنوورانەیە، کە خەیاڵی شاعیر لە دەقەکانی تری بەرجەستەی کردوون، مانا و بۆچوون و درککردن بە ڕەمزە شاراوەکان و گەڕان بەودیوی بیرکردنەوە لەو دەقەدا شوێن و پێگەیەکی مەعریفیی جیدیان بۆماوەتەوە.

**خەسڵەتی تایبەتی هەرئەدیبێك تەکنیکی نووسینەکانیەتی، نەك دووبارەکردنەوەی وشەکان، لە شیعردا سنوور نییە، ئەوەی هەیە فیکر و تەکنیکە، پەیوەندیی بیرکردنەوە و دروستکردنی خەیاڵ و دواجار بەدەقکردنی وشە و بەماناکردنی لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا**



گەر بگەڕێینەوە بۆ ناوەوەی هەمان دەق ( ئەنوەر حوسێن ) دەنووسێت :

**« ئیتر گلەیی لەگومان ناکەم**

**با واز لە یەقین بێنێ و**

**قەدەر بباتە لای ژنێکی فاڵگرەوە**

**تا ئەو جادووە بەتاڵبکاتەوە**

**کە عومرێکە منی لەچاوەڕوانی مەرگدا ڕاگرتووە**

**عومرێکە منی کردۆتە بارمتەی عیشق**

**یار عومرێکە پەیامی ڕاسپاردەی سەفەرێك گەیشتووە**

**کە بەر لە مردنم خەونم پێوە بینیوە»**

ئەگەر بەوردی سەرنجبدەینە ئەو کۆپلەشیعرانە، دەبینین هەندێك بۆچوونی شاعیر بەرچاودەکەون، کە بیرکردنەوە لە سەفەرێك و هاتنی ڕاسپاردەکانی وەسیەتێکی مەنتیقییانەیە، وەك ئەوەی تەنها ڕاسپاردەیەکی زاتی بن، هێزی بیرکردنەوە و ڕوانین لە مەغزای ئەودیوی هەستکردن هێزێکی سەرەکییە، بۆ بەخشینی چێژی ژیان و مانایەکی وەها قووڵی ڕەهەندە جوداجوداکانی ژیانیش، دەخاتە بەردەم لێپرسینەوە، ئەو مانا جیاوازانەی نێوان چاوەڕوانی و سەفەر و خەونێکی وەها ڕەها، لێکچواندنی نێوان ژیان و مردن بە ڕاسپاردەی مێرمنداڵێك، یان کۆچی ناوادەی تازەزاوایەك یان هێندەی خەونی چەند ڕۆژەی پەپوولەیەکیش ئەستەم نەبوون، وەك ئەو خەونەی شاعیر بەر لە هاتنی مردن بیری لێدەکاتەوە، گلەییش لەو گومانانە ناکات، قەدەریش بە دەستی ژن دەشوبهێنێت، ئەوەش هێزێکی فیزیکییە لە ناوەوەی خودیدا، ژن وەك کارەکتەرێکی مامناوەند و دواجار فرەلایەن، وەك ڕەمز و مانا بەشێکی هەرەسەرەکیی ئەو دەقەن.

لەو دەقەدا نووسەر ویستوویەتی گومان و یەقین بگەڕێنێتەوە بۆ خودی ژن، تەنانەت چارەسەری ئەو زەمەنە جەنجاڵییەشی داوەتە دەست ژن، فاڵ لێرە لە کارەکتەری ژن وەك دیاردەیەکی باو لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونیان هەیە، پەنابردن بۆگرتنەوەی فاڵ بەتاڵکردنەوەی نەستە لە هەست، ژن لە مانا شاراوەکانی ئەو دەقەدا، کارەکتەرێکی وجودی و فزوڵیە بۆ شیکردنەوەی گومان، ئەوەیش هێزێکی ترە، کە نووسەر دەیەوێت هێز بگەڕێنێتەوە بۆ ژن. ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێت» ئەگەر هەموو جیهان بچووك ببێتەوە، ئاوا ژن هەر بەگەورەیی دەمێنێتەوە».

لەو دەقە ژن تەنیا وەك ڕەگەزی بەرامبەر نابیندرێت، بەڵکو کارەکتەرێکی سەرەکی ناو هەموو دەقەکەیە، لە هەمان کاتیشدا ڕەگەزی بونیادی دەق و ڕەگەزی فراوانی بیرکردنەوە و خولقاندنی پرسی ڕەگەزی چێژیشە، شاعیر مامەڵە لەگەڵ دۆخێکی گوماناوی دەکات، لە بەرامبەر هەبوونی دۆخێکی تر، لە لای شاعیرانی کورد ژن هەمیشە کاڵایەك بووە بۆ بەرجەستەکردنی سۆز، بەڵام ئەو بەرجەستەکردنە تەنیا لەڕووی جەستەییەوە پێشاندراوە، نەك لەڕووی عەقڵییەوە، ئەوەش گرفتێکی سەرەکی و کەڵەکەبووی ناو دەقە ئەدەبیەکانی کوردە بەگشتی.

یەکێك لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی ئەو دەقە بەکارهێنانی ڕەمزە، ڕەمز وەك دیاردەیەك بۆ شاردنەوەی چەندان ڕاستی و کەشفکردنی ناڕاستەوخۆی ماناکان، دەرخستنییان بەڕوونی بەرچاودەکەوێت، ئەوەش لە فۆرم و تەکنیکی ئێستای شیعر بەتاڵ بوونەتەوە، ڕەمز شوێنی نابێتەوە لە بەکارهێنانی لە دەقدا، فۆرمی ئێستا وا دەخوازێت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وێناکان بخولقێن بەبێ پەردەپۆشکردن و بەکارهێنانی ڕەمز.

ئیرەیی لەو دەقە یەکسانە بە یاخیبوون، یاخیبوونیش بەرامبەر بە خۆشەویستی، کاری سەرەکیی ئەدیب خولقاندنی دنیایەکی جیاوازترە لەوەی هەیە، یان دۆزینەوەی زیوە لەناو قوڕ! ئەگەر ئەوە بەرجەستە نەبوو، کەواتە هەمووان یاری بەو قوڕە دەکەن، کە منداڵێکیش دەتوانێت بیشێلێت.

وتارو لێکۆڵینەوە